# سمینار لە دژی نژادپەرەستی دەوڵەتی لە نۆرویژ

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٧ ی فێوریەی ٢٠٠٤ ی زایینی ، سمینارێك بە بەشداری دەیان حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و پەنابەری لە شاری ئۆسلۆ پێك هات ، هاوڕێیانی کۆمیتەی کۆمەڵە لە نۆرویژیش بۆ بەشداری لەم کۆبونەوە دا بانگهێشت کرابوون .

شایانی باسە کۆمەڵێکی زۆر حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە دەوری یەك کۆبوونەوە بۆ ڕێکخستنی « تۆڕێك » بۆ یەکبونی خەبات لە دژی راسیسمی دەوڵەتی و توند و تیژکردنەوەی سیاسەت و قەوانینی پەنابەری وڵاتی نۆرویژ .

هاوڕێیانی کۆمەڵە ، بەشدابووانی ئەم سمینارەیان ئاگاداری سیاسەتەکانی کۆمەڵە لە ئاستی مافی مرۆڤ و پەنابەری سیاسی کرد و خوازیاری سیاسەتی چالاکانەی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان بوون بۆ وەرگرتنی پەنابەران ، بەتایبەت پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە لایان وڵاتی نۆرویژ.

نۆرویژ لە ماوەی ڕابردوو دا یاسایەکی دەوڵەتیی پەسند کردو کە تێیدا پەروەندەی پەنابەرانی سیاسی هێندێ وڵات ، بەتایبەت وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات لە ماوەی ٤٨ سەئات وڵامیان پێ دەدرێتەوە و پاشان زۆربەیان و بە کۆمەڵ بۆ وڵاتانی خۆیان دیپۆرت دەکرێنەوە ؛ نۆرویژ هەروەها چەند وڵاتی تریشی وەکو « وڵاتانی ئەمن » ڕاگەیاندوە و پەنابەر لەم وڵاتانە بۆ نۆرویژ وەر ناگرێ . هەروەها ئەو کەسانەی یەك جار وڵامی ڕەفز وەر دەگرن بۆیان نی یە بۆ جاری دووهەم داوای کرانەوەی پەروەندەکانیان بکەن و دەبێ بە « دڵخوازی خۆیان » وڵاتی نۆرویژ بە جێ بێڵن ؛ ئەمە لە حاڵێك دایە کە بە پێی یاسای پێشوو ، لێکۆڵینەوەی ئیندیوید ( تاکەسەی ) لە سەر پەروەندەکان دەکرا و پەروەندەی پەنابەران وەك ئێستابە شێوەی گورووهی بەرڕەسی نەدەکرا . بەڵێن وایە ئەم یاسایە کۆمەڵێکی زیاتر لە پەنابەرانی وڵاتانی تریش لە بەر بگرێ . بەم جۆرە « ئەرنا سولبەرگ » وەزیری کۆمۆنەکان لە حیزبی ڕاست دەی هەوێ بەر هاتنی پەنابەرانی سیاسی بۆ وڵاتی نۆرویژ بەگرێ و تەنانەت پارەیەکی زۆریان بۆ بڵاو کردنەوەی ڕێکلامی دژی پەنابەری لە وڵاتانی ئوروپای شەرقی سەرف کردوە بۆ ئەوەی سیمایەکی دزێوی دژی پەنابەری لە نۆرویژ لە ناویان دا ساز بکرێ.

هەر ئێستا کۆمەڵێکی زۆر لە پەنابەران لە کەمپەکانی نۆرویژ دەست بەسەرکراون و تەنانەت هەزینەی خواردن و خۆراکیان لێ بڕاوە و سیاسیەتی « بەجێ هێشتنی دڵخوازی کەمپی پەنابەری » یان بە سەر داسەپاندوون . هەر

ئێستا زیاتر له ٢٠٠٠ پەنابەری کورد ئیجازەی مانەوەیان موەقەتیان لێ وەرگیراوەتەوە و چاوەڕوانی بەڕێ کردنەوە و دێپۆرت بۆ ئێراقن ؛ ئەمە لە حاڵێك دایە کە ئەمریکا سنووری ئەم پەنابەرانە بەستووە .

دەوڵەتی راست ـ مسیحی نۆروێژ دەوی هەوێ سیاسەتی دژی پەنابەری وڵاتانی تری ئۆروپایی بەڕیوە بەرێ و بەم جۆرە پەنابەرانی سیاسی له هەموو مافێك و لەوانە یارمەتی سوسیال ، کلاسی فیربوونی زمان ، خەرجی دکتور و دوا و دەرمانی بێ بەش دەکرێن . هەروەها لە تراندۆم زیندانی پەنابەرانی سیاسی ساز کراوە بۆ گرتن و دێپۆرت کردنی دەست بر جێێ پەنابەرانێك کە جوابی ڕەزفیان هەیە و یان دەبێ لە نۆروێژ دەر بکرێن .

لەم سمینارە دا هەرەها بڕیار درا بۆ دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی هەمەلایەنەی لایەن سیاسی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەرانبەر بە سیاسەتی راسیستی دەوەڵەتی نۆروێژ ، خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری ئۆسلۆ ساز بکرێت . ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانی ترمان دا ئێوەی خۆشەویست زیاتر ئاگاداری چالاکیەکانی ئەم « تۆڕ» ە دەکەین .

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی نۆروێژ